# جەنگ لەدژی ئایدز

کامەران ئیسحاق پەری
- سوید

(ئایدز)..مەزنترین کێشەیەلەمێژووی مرۆڤایەتیدا...واقیعو بارێکی ناهەموارە،ناکرێت خۆمانی لێبشارینەوە.
(ماندێلا)

لەرۆژێکداچواردەهەزارمرۆڤ ڤایرۆسی ئێچ ئای ڤی HIVبۆدەگوێزرێتەوەبەم پێیەش، لەهەرشەش چرکەیەکداکەسێک لەجیهاندا توشی ئایدزدەبێت.



پترلەچارەگەسەدەیەکەمرۆڤایەتی لەپێناوڕیگرتنوئاستەنگ خستنەبەردەم زیاتربڵاونەبونەوەوتەشەنەنەکردنی ئایدزدەجەنگێت،لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت نەتوانرابێت،لەوشەڕەدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆو،بەرچاوتۆماربکات.بەپێی دانپێنانی ناوەندەبەرپرسوراپۆرتەکانی بەردەست کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتوەکان هۆی شکست خواردنوبەهەدرچوونی زۆرێک لەوهەوڵوکۆششانە،وسستی لەبەڕێوەچونی پرۆسەکەونەپێکانی ئامانجە بانگێش بۆکراوەکانی،ئەگەڕێنێتەوەبۆهەبوونی چەندفاکتەروبەربەستێک،کەتێکڕابەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبونەتەهۆی بەفیڕۆچنی زۆرێک لەهەوڵوماندوبوونەکان لەم بارەیەوە(حاشاکردنونەبوونی هۆشیاریو،بەربڵاوی نەخوێندەواریو،هەبوونی زەبروزەنگ لەدژی ڕەگەزی مێینە) کەدیاردەیەکی باوەلەکۆمەڵگادواکەوتووئوممییەکان..لەپێشینەی ئەوهۆکارانەدادەنرێت کەڕێگریان لەبەردەم دەست بەسەرگرتنی ئایدز دروست کردوە،لەڕاستیشداهەریرک لەم هۆکارانەقسەوشیکاری زۆرهەڵدەگرێت ئەوەی کەمەبەستمانەلەدەرخستنی ئەم فاکتەرانەئەوەیەکە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکە هەریەک لەم ڕەگەزانە..(ئینکاری وکەمی هۆشیاری ونەخوێندەواریو،زەبروزەنگی دژبەڕەگەزی مێینە)بەزەقی تیادەرکەوتوە،هەرئەمانەشن ئەتوانن بەشداریورۆڵێکی بەرچاوبگێڕن لەتەشەنەکردنی ئایدزلەکوردستاندا.ئەمەئەگەرلەبنچینەداتەشەنەی نەکرد بێت؟!

لەگەڵ تێپەڕاندنوبەسەرچونی374کاتژمێری تربەدواوەجیهان بەگشت ڕەنگودەنگێکیەوەسەرقاڵی بەڕێکردنوبەسەرکردنی گەورەترین،بێ وێنەترین کێشەدبێتەوەکەمرۆڤایەتی بەدرێژای نیوسەدەڕووبەڕووی بۆتەوەبڕیارەئەم ساڵ بۆیەکەمین جارولەپاش چارەگە سەدەیەک لەمێژووی یەکەم ڕاگەیاندنی جەنگ لەدژی ئایدزبەسەدان هەزارخۆپیشاندەروداکۆکی کەرلەمافی دابین کردنی ژیانێکی ئارامتربۆتوشبوانی ئایدزلەڕێپێوانێکی هێمندابرژێنەسەرشەقاموگۆرەپانەکانوداوای وەستانی یەکجارەکی ئایدزبکەنولەگەڵێشیداکۆمەڵگای نێودەوڵەتی هانبدەن بۆدۆزینەوەی ڕیگاچارەی بەپەلەوهەمەلایەن بۆدەرچون لەوقەیرانوکێشە مرۆییەکەسالآنەبەهۆیەوەپترلەسێ ملیۆن ئادەمیزاد گیان لەدەست ئەدات.شایەنی باسەبەدرێژای پێنج ساڵی ڕابرِدووبەهۆی مەشغەڵەتی جیهان لەجەنگی ناسراوبە(جەنگ لەدژی تیرۆر)تائاستێکی زۆر لەبایەخو گرنگیومەهامەکانی جەنگی مرۆڤایەتی لەدژی ئایدزکەمکردبووە،کەئەمەش بوەهۆی دەرکەوتنی تەوژمێکی نوێی نارەزای دەربڕین لەنێو گروپ وڕیکخراوجەنگاوەرانی جەنگ لەدژی ئایدز،هەربۆیەئەم ساڵ لە01.12.2006 بڕیارە ڕێکخراوەمرۆییەکان لەژێردروشمی (ئایدز بوەستێنن...بەڵێنەکانتان بەجێ بێنن)دەست بەکاروچالاکییەکانی خۆیان بکەن.لەم سۆزگەیەشەوەجێی خۆیەتی بپرسین کوردوەک نەتەوەیەک،کەهەمیشەلافوگەزافی مەدەنیەتوهۆشمەندیومرۆڤ دۆستی دەدات،چی لەهەگبەکەیدایەبۆئەم ڕۆژەمێژووییە؟ئایاکوردلەخەمی ئایدزدایە؟ئەگەر لەخەمیدایە چۆن؟ئایاکوردهیچ لەبارەی ئایدزئەزانێت؟ئەگەرنایزانێت ئۆباڵی ئەم نەزانییەلەئەستۆی کێدایە؟!ئەگەرشتێکی

ئەوتۆی لەبارەیەوەدەزانێت...لەجبەکەیداهیچ چەکێکی پێیەبتوانێت،شەڕی ئایدزی پێ بکات؟،ئەگەرپێیەتی کامانەیەئەوچەکانەی کەبەنیازە شەڕی پی بکات؟ ...

گەلێکن ئەوبۆنەویادانەی کەکوردتیایداخۆی بەخەمخۆروساحێب ماڵ دەزانێت،لەزۆرێکیشیاندابەتینوگوڕێکی زیادلەپێویست بەسەریان ئەکاتەوەڕۆژوبۆنەی لەدایکبوونی سەرۆکەکان،پارتە سیاسییەکان،مامۆستایان،ژنان،قوتابیان،خوێندکاران منداڵان ،ئاشقان ،...بەم دووایانەش باوکان ولاوان..هتدلەبۆنەناوداروەرکەوتوانەن کەکۆمەڵگای کوردی خۆی پێخەریککردوەوشانازی بەبەسەرکردنەوەکەیان دەکات،لەوەش زیاترلەبەسەرکردنی هێندێکیانداڤیستیڤاڵوکۆروسیمیناریان بۆڕێکدەخات،لەهێندێکی تریشیانداسەندیکاوڕێکخراوولەهەوڵی کۆکردنەوەی هاوپشتی مادیومەعنەوییەبۆیان،هاوکات مەخابن هیچ کات نەبیستراوەنەبینراوەنەلەسەرئاستی فەرمی نەلەسەرئاستی گروپوکۆمەڵو ڕێکخراوە مەدەنییەکان،تائەگاتەلای ڕای گشتی ورۆژنامەوانی کوردی دەنگێک هەبێت بۆبەسەرکردنوبەشداری کردنێکی جدی لەگرنگترینو چارەنوس سازترین کێشەی مرۆڤایەتی.تاساتی ئامادەکردنی ئەم بەدواچونە(جەنگ لەدژی ئایدز)وەک پرۆسەلەقوتوی هیچ عەتارێکی کوردی نەبەکەم نەبەزۆردەرنەکوتوە،گەربەڕیکەوتیش لەمیدیایی کوردی باس لەڕۆژی بەگژداچونی ئایدزکرابێت،ئەواباسکردنەکەباسکردنێکی سەرپێیانە بوەوئاراستەی باسکردنەکە بەوئاقارەبراوەکەکوردلەوبەلایەدورەوەلەخوابەزیادبێت سنووروئەگەرەکانی بلاوبونەوەی تەواو قایمکردوە،وەک ئەوەی بڵین خوانەکردەکوردلەجیهانوگەردونێکی تردابژیتو،ئەم کێشەیەکێشەی ئەونەبێت.لەسەرئاستی تەندروستی مرۆڤی کوردیش بایەخێکی ئەوتۆوشایستەبەوخەمەجیهانییەنەدراوە...بگرەخۆشاردنەوەیەکی ئاشکرالەلایەن دەزگاوبەرپرسە تەندروستییەکان بەدی دەکرێت،لەڕاستیشدا هەندێکی ئەم خۆشاردنانەجێگەی گومانوتێڕامانە....ئەم خەم ساردیوخۆلەگێلیدانوئینکارییەوای کردکەئەم باسەبهەژێنین بەئومێدی ئەوەی بەدوایەوەنەوەیەک بێتەکایەوەلەتوانایدابێت بەڕاشکاوی،داکۆکی لەتوشبووانی ئایدزلەکوردستاندابکاتوهەوڵ بدات چارەسەریان بکات نەک بەزیندوی بیان کوژێت یاخودبیانێرێتەوەشوێنی لێهاتوو...لەسەرئاستی فەرمی کوردستان بەداخەوەزانیارییەکی ئەوتۆی سودبەخش نەخراوە تەبەردەستمان تالەڕێگەیەوەبتوانین وێنەیەکی تەواوبۆئایندەی ئایدزلەکوردستاندابکێشین،هەرئەمەشەوای کردوەکارەکەمان قورستربێتو ناچارپەنابۆهەندێک زانیاریوخەملاندنی نافەرمی بەرین تابتوانیین لەڕێگەیانەوەبەڵگە لۆژیکییەکانمان بخەینەپێش.لەپاش پشکنینوبەدواچون بۆمەلەفی ئایدزلەکوردستاندابۆمان دەرکەوت کەبەشێکی ئەم خەمساردیوحاشاکردنەی تاکی کوردی لەمەڕئایدزبەشێکی زۆری لەئۆباڵی دەسەلاتی کوردیدایە،لەبەرئەوەی دەسەلاتی بەرپرس لەپاراستنی تەندروستی مرۆڤی کوردی بەشیوەیەکی نهێنی مامەڵەلەگەڵ مەلەفی ئایدز دەکاتوزانیارییەکان لەبارەی ڕێژەوئاماری توشبوەکان ناخاتەروو،مەلەفی ئایدزلەکوردستاندالەخانەوچوارچێوەی مەلەفەتایبەتونهێنیەکانی ئاسایشی نەتەوەی لەقالب دراوە،هەرئەمەش وای کردوەکەکۆمەڵگای کوردی تائەندازەیەک ناهۆشیاربێت،خافڵ بیت لەومەترسییە (خۆکوژەی) کەڕوبەڕووی ژیانوتەندروستی دەبێتەوە،نەبوونی(هۆشمەندی موتربەکراوبەزانیاری پێویست)هێندەی ترقورەکەی خەست کردۆتەوەوچەند جارەش بارگرانیونەهامەتییەکانی بەسەرشانی تاکی کوردیداقورس کردوە،هەرکەسێک پێی وابێت کەکوردستان لەودەردەکوشندەیە بەدورە، ئەوابەهەڵەداچوە،لەبەرئەوەی گەرلەعەرەبستانی سعودی هاوسێی موحافیزکاربەدان پێنانی ڕەسمی سعودی ئاماژە بەهەبوونی پترلە1700 حاڵەتی ئایدزبدرێت ..دورنییەهاوشێوەی ئەورێژەیەش لەکوردستاندابەدی بکرێت. ئەمەگەرزیاترنەبێت.!؟

## سێکس هۆیەکەبۆتوشبوون.

گەورەترین کێشەوئاستەنگ کەلەبەردەم چارەسەرکردنوڕیگرتن لەتەشەنەکردنی زیاتری ئایدازداقوتبۆتەوەئەکرێت بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگەکانی توشبوونوگواستنەوەی ڤایرۆسەکەهەڵێنجێنرێت،لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ڤایرۆسی ئایدزلەڕێگەی مامەڵەی سێکس لەنێوان مرۆڤەکان،دەگوازرێتەوەبەلام ئەمەئەوەناگەیێنێت کەتەنهابەهۆی سێکس مرۆڤ ڤایرۆسی ئایدزی بۆبگوازرێتەوەدوابەدوای گەڕانێکی زۆر بەدوای ڕێگاوئەگەرەکانی توشبوون گەیشتینەئەم پۆلێن کردنە بۆڕێگەکانی گواستنەوەوتوشبوون% 70 بەهۆی مامەڵەی سێکسی سروشتی کەبەسێکسی نێوان ڕەگەزی نێرومێ ناسراوەمرۆڤ دەبێتەهەڵگری ڤایرۆسەکە،% 5ـ10بەهۆی مامەڵەی سێکسی هاوڕەگەز کەبەسێکسی ناسروشتی هۆمۆسێکسوایل،ناسراوەبەتایبەت سێکسی هاورەگەزی نێرینە.% 10ـ 20 بەهۆی دەرزیوڕیگاکانی ئاڵوگۆری مادە بێهۆشەکانی نێوان دەرمانخۆرەکان ناکۆمانەکان،یاخودبەهۆی پیسبوونی ئامێرەکانی تاقیکردنەوەی خوێنوپیسبونی نەخۆشخانەکان ... گواستنەوی خوێنی پیس بوولەنێوان مرۆڤەکاندا،هەروەهانەشتەگەریوگوازتنەوەی ئەندامی لەشی وەک(جگەروگورچیلەودڵ) لەمرۆڤێکی توشبوو بۆیەکێکی ساغ کەبەهۆیەوەی گواستراو دەبێتەهەڵگری ڤایرۆسەکە .لە% 10یش لەڕێگەی ئافرەتی ئاڤس کەمنداڵی لەسکدادەبێت ،یاخودلەکاتی لەدایک بوون یاخولەکاتی شیرپێدان بەمنداڵی شیرەخۆربەمەرجێک ئافرەتەکە پێشوەخت هەڵگری ڤایرۆسەکە بێت.

زۆرگرنگەبتوانین ئەوهۆشیارییەبلاوبکەینەوەکەسێکس هۆیەکەبۆگواستنەوەی ڤایرۆس نەک هۆیەک بێت بۆبەتاوان زانی ولادان مەرجیش نییەلەئەنجامی هەمووجۆرەمامەڵەیەکی سێکس مرۆڤ توشی نەخۆشی(تێکشکانی هێزی بەرگری خانەکانی لەش) بیت لەڕاستیشدا گەورەترین کێشەوبێهێزترین خاڵ کەدەبێتەهۆی لاوازکردنی هەوڵەکان بۆڕێگرتن لەئایدز لەوەدایەکەناوبانگێکی خراپی هەیەلەنێوکۆمەڵگاکەم هۆشیارونەخوێندەوارەکانداکەبەشێوەیەکی ناڕاستونادروست ئەگەرەکانی توشبوون گەێنراوەتەهزری تاکوکۆمەڵ،لەم ڕوانگەیەشەوەئەتوانین

بڵێن هەتائێستاش لەزۆرشوێنی ئەم گەردونە،ئایدزوەکوتاوانولادانێکی ڕەوشتی  مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت،لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتوشبوونوگواستنەوەکەبەهۆی سێکسەوەیە،بەڵام پێویستەبزانین کام سێکس هەموومان لەوەبەئاگاین کەئازادی سێکس لەئەوروپاو بەتایبەت لەبەری خۆرئاواداتاچەندلەپێشینەی ئازادییەرەهاکانی ئەوکۆمەڵگایە،هاوکات ئەم ئازادییە لەسێکس کردندانەیتوانیوە زەفەر بەدانیشتوانی ئەوکیشوەرەبینێتوتائەندازەیەکیش ڕێگەی پێگیراوە..ئەوەتانێ ئەمڕۆکەلەخۆرئاواتەنها560000 هەازرتوشبووهەیە لەکاتێکدا هەرلەهەمان ئەورپابەڵام لەبەری ڕۆژهەڵاتویەکێتی سۆڤێتی جاران پترلەیەک ملیۆن توشبووبەدی دەکرێت...ولەئەفریقاش هەرمەپرسە هۆکەشی ئەگەڕێتەوەبۆئەورێوشوێنانەی کەخۆرئاوائەیانگرێتەبەربۆخۆپاراستن گرنگترینیان هۆشیاری خۆپاراستن لەکاتی مامەڵەی سێکسیو پاکوتەمیزڕاگرتنی هەرشتێک کەپەیوەندی بە(تەندروستی)مرۆڤەوەهەبێت،..ئەمەجگەلەشەرم نەکردن لەباسکردنی ئایدز،کەبۆخۆی هۆیەکی گرنگوبەرچاوی ڕێگرتنەلەتەشەنەکردنەکە،دیارەئەم شەرم نەکردنەلەباسکردنی ئایدزلەوەسۆنگیەوە سەرچاوەی گرتوەکەکۆمەڵگاچۆن لەئایدز ئەڕوانێت.ڕەوایەگەربڵێن هەرکۆمەڵگایەک شەرم لەئایدزبکاتولەهەولی شاردنەوەیدابێت ئەوائەو کۆمەڵگایەئەگەری تەشەنەکردنوبڵاوبونەکەی زیاتردەبێت،بەپێچەوانەشەوەهەرکۆمەڵگایەک ئایدزوەک نەخۆشییەک مامەڵەی لەگەڵ بکات کۆمەڵگایەکەدەیەوێت ڕێگەبەتەشەنەکردنی ئایدز بگرێتونایەوێت موزایەدەبەسەرئایدزدابکرێت...نمونەیەکی کوردی..ساڵی پاربەپێی هەندێک سەرچاوەی پۆلیسی جیاجیائاماژەی بەهەبوونی 61 حاڵەتی ئایدزی لەسلێمانی کردوەهاوکات وەزارەتی تەندروستی ئەوکات ئەم هەواڵەی بەدرۆخستۆتەوە.لەهەمانکاتداوەزارەتی ناوخۆ هەڵمەتێکی گەورەی ڕاگەیاندوەبۆدەستگیرکردنی لەشفرۆشان،...ئەم جۆرە باسکردنو خۆدزینەوەیەی وەزارەتی تەندروستی لەهەبوونی ئایدزگەورەترین تاوانەدەرهەق بەوکەسانەی کەهەڵگری ڤایرۆسەکەن،گەورەترین پێشێلکاریشەلەئاست پیرۆزی پێشەی پاراستنی تەندروستیو بەئاگاهێنانی کۆمەڵ بۆهەبوونی ئایدز..پاشان دەسگیرکردنی لەشفرۆشەکان وناوهێنیان بە(دەسیسە)،بەهەڵەداچونیکی ترە لەوبەهەڵەدا چونانەی کەپێشترلەومەلەفەداکردویەتی،ئەکرالەجێیگەی ئەوجۆرەدەربڕینەنابەجێیانەڕاگەیاندنی هەڵمەتێکی هۆشیاری سێکسیوچۆنیەتی ڕیگەکانی خۆپارستن جێگەی ئەوگوتەیەی وەزیری بەڕێزی ئەوکاتی(ئیدارەی سلێمانی)بگرتایەکەدەڵێت(پارسێ هاوڵاتی توشبووتۆمارکراوە ونێراونەتەشوێنی لێهاتو)..بێئەوەی ئاماژەبەهەوڵی چارەسەرکردن بدات،یاخودباس لەشوێنی هاتنەکەبدات ئەمەش ئەودەگەیێنێت کەلەبنچینەدا دەزگاتەندروستییەکەنایەوێت ئایدزوەک نەخۆشییەک تەماشابکات بگرەدەیەوێت وەک لادانێکی ڕەوشتیوبەدکاری تەماشابکات...ئینجابەم جۆرە تێڕوانینەلەئایدزلەپاڵیشیدامەسەلەی ڕۆشنبیری سێکسی لەبابەتەمەحرەمەکانی کۆمەڵگابێت چۆن توشبوویەکی کوردی ئامادەگی تیا دەبێت بڵێت من هەست ئەکەم بەئایدزنەخۆشم تکایەچارەسەرم بکەن(توش بووبەئایدز لەبنەڕەتالەبارێکی دەرونی زۆرخراپ دەژی)کەم کردنەوەی باری خراپوشپرزەی دەرونی،جۆرێکی ترەلەودیڤاکتۆیانەی کەدەکریت ،سودی لێ وەربگیرێت.لەهەمانکاتدا ئەگەرنەتوانرا ئەودۆخە دەرونییە خراپەبەشێوەیەکی ئاڕاستەکراودەستی بەسەربگرێت..توشبووبەئایدزبەهۆی گۆشەگیریونائومێدی،بەدەوروبەرڕەنگەبیرلەخۆکوشتن یاخودپیسکردنی دەروبەربدات..ئەم کردارەش وەک تۆڵە سەندنەوەیەک دێت بۆئەوناوبانگومامەڵەخراپەی کەتوشبوولەکۆمەڵگاداتوشی دەبێت.

### ئەوەی کەپێویستەبیزانیت..!؟

ـ ئایدز..میوانێکی خافڵکوژە...جاری واهەیەتاکاتی مردن نیشانەکانی توشبوون بەڤایرۆسەکەبەمرۆڤ دەرناکەوێت،بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زیاترلەنیوەی توشبوان لەسێ تاچوارهەفتەی یەکەمی پاش گواستنەوەئەم نیشانانەیان بەسەردەردەکەوێت (سەرئێشە،قورگ ئیشە، ئاوسانی دەرهاوێژەرێژنەکان،تاگرتن،دەرکەوتنی برینی سەرپێست) بەدوای دەرکەوتنی ئەم نیشانانەڤایرۆسەکەدەجێتەقۆناغێکی ترەوەکەپێی دەوترێت قۆناغی جێخۆشکردن لەناولەشی مرۆڤدا...کەئەم قۆناغەش لەسێ مانگەوەبۆپێنج ساڵ دەخاێنێت،نیشانەکانی هەرهەمان نیشانەن بەڵام بەشێوەیەکی بەردەواموقورستر. بەدوایداسک چونو،کەمخواردنو،کەم بونی کێشو،خورانی لەشی بەدوادێت.
ـ لەڕۆژێکداچواردەهەزارمرۆڤ ڤایرۆسی ئێچ ئای ڤی HIVبۆدەگوێزرێتەوە بەم پێیەش لەهەرشەش چرکەیەکداکەسێک لەجیهاندا توشی ئایدزدەبێت.
ـ ساڵی 2005 بەبەراوردکردنی لەگەڵ ساڵانی پێش خۆی بەساڵێکی تایبەتی دەژمێرێت لەڕووی زیادبوونی ڕێژەی بڵاوبونەوەی ئایدز بەجیهاندابەپێی دانپێنانەکانی ڕاپۆرتەگشتییەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان یونی ئایدز لەساڵی 2005 داپێنج ملیۆن حاڵەتی نوێی توشبوون تۆمارکراوە...ئەم ژمارەیەش بۆیەکەم جارەلەمێژوی دەرکەوتنی ئەم بەڵاکوشندەیەرێژەی وەهاترسناک بەخۆیەوەببینێت.
ـ لەماوەی یەک ساڵداپترلە3،1 ملیۆن مرۆڤ بەهۆی کاردانەوی خراپونەبونی چارەسەری بەردەوام بۆنەخۆشیی ئایدزی کوشندە گیانیان لەدەستداوەلەورێژەیەش571 هەازری منداڵ بوە.
ـ پێشبینی کراوەکەتەنهالەکیشوەری ئەفریقابۆساڵی 2010 هەژدەملیۆن منداڵ بێ ماڵوحاڵ دەبنوبەهەتیوی دەمێننەوەئەمەش بەهۆی لە دەستدانی باوکیان یان دایکیان.

- لەزیمبابوای هەموو بیست خولەکێک منداڵێک گیان لەدەست دەداتودانەیکی هاوشێوەشی هەتیودەبێت.هەروەهاهەلەسەری هەموو سەعاتێک سێ منداڵی شیرەخۆربەهۆی نۆشینی شیری دایکاین توشی ئایدزدەبن.
- لەتازەترین ئاماردادەرکەوتوەئاسیابەهۆی ئایدزتەنهالەساڵی 2005دا1.5ملیۆن منداڵی هەتیوی بۆبەجێماوەتەوە.لەم بارەیەشەوەتەنهالەساڵی 2002 داشەش ملیۆن منداڵ لەجیهاندابەهۆی ئایدزگیانی لەدەست داوە.
- لەساڵی 1981 بەدواوەوبەهۆی ئایدز25 ملێۆن مرۆڤ گیانی لەدەستداوەودواپێشبینیش کەبۆبیست ساڵی داهاتوکراوە بڕیارەلەساڵی 2025 دا 100 ملیۆن ئەفریقیو 31 ملیۆن هیندیو 18 ملیۆنیش لەچین بەودەردەسەربنێنەوە.
- لەداهاتویەکی نزیکداولەپاش هەوڵوپشکنینوتوێژینەوی پترلەچارەگەسەدەیەک پسپۆڕانی دەرمانسازی ئەمریکای گەیشتونەتە بەرهەم هێنانی جۆرێک لەدەرمان کەبەشێوەی کابسول دەدرێت بەتوشبوانی ئایدز.ناوی دەرمانکە( atripla)یەونرخی 30 دانەکابسول کەبەشی یەک مانگ چارەسەردەکات 1100 دۆلارە...؟!بەپێی ڕاپۆرتێکی تایبەتی نەتەوەیەککگرتوەکان تەنها12% توشبوان لەجیهاند.بەهۆی گرانی نرخی دەرمانەکان ئەتوانن بەراستی ئەودەرمانوچارەسازانەیان پێبگات.

## حاڵی حازر، مردن چارەنوسی چلودوومليۆن ئادەميزادە.؟

- ئەمڕۆکەلەجیهاندا پترلەچل ملیۆن مرۆڤ لەسایەی توشبوون بەئایدزلەژێرئێشوئازاروئەشکەنجە ودۆخێکی ناهەمواردەژین .. بیست ملیۆن لەرەگەزی نێرینەونۆزدەملیۆن ڕەگەزی مێینەوسێ ملیۆن منداڵ چاوەڕێی مەرگ دەکەن.بەپێی نەخشەیەک کەلەلایەن ڕیکخراوی HIVAIDS AN FOCUSبڵاوکراوەتەوەتوشبوانی جیهانی بەم شێوەیەپۆلێن کردوە28.1 ملیۆن توشبوولەکیشوەری ئەفریقاوناوچەبیابانەکانی ئەوکیشوەرەدەژی.ئەم ڕێژەیەش لەسەداحەفتای توشبوانی جیهان پێکدێنێت.6.1 ملیۆنیش لەباشورورۆژهەڵاتورۆژئاوای ئاسیادەژیت.ئەم ڕێژەیەش لەسەداپانزەی توشبووان لەجیهان پێکدێنیت هەروەها1.4 ملێۆن لەکیشوەری ئەمەریکای باشور1.0 ملیۆن لەڕۆژهەڵاتی ئاسیاوبەلسەفیک 1.0 ملیۆن لەئەمەریکای باکور.1.0 ملیۆن لەڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوسۆڤێتی جاران 560.000 هەزاریش لەخۆرئاوای ئەوروپاتەنها15.000 هەزارتوش بووش لەکیشوەری ئوستورالیا بەدی دەکرێت.پترلەسێ ملیۆنش لەساڵی 2005داگیانی لەدەستداوە.
..جارێکی ترئەوەی کەجێگەی سەرنجوتێرامانە ئەوەیەکەکیشوەری ئەوروپابەتایبەت بلۆکی خۆرئاوای لەچاوکیشوەرەکانی ترکەمترین ڕێژەی توشبوانی تیاتۆمارکراوە لەکاتێکدا دیاردەی هۆمۆسێکسوالیتی(سێکسی هاوڕەگەز) بەشێوەیەکی بەرچاوو بەربڵاوە.هۆی ئەم کەمیەش.لەڕێژەی توشبون وەک گوتمان بەشێکی زۆری ئەگەڕێتەوەبۆئەوهۆشیارییەی کەلەخۆرئاوادابڵاوبۆتەوەبۆخۆپاراستن لەهەڵگرتنی ئەوڤایرۆسە، ئەمە جگەلەوەی کەخۆرئاواییەکان شانسی دابینکردنی خەرجی نەخۆشییەکە لەچاوکیشوەرێکی هەژاروزۆرنشینی وەک ئەفەریقا زیاترە.
لەبەرامبەریداو.لەبەری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاهەست بەجۆرێک لەکەمتەرخەمی دەکرێت لەبارەی خۆپاراستن لەئایدزبەڕای من بەشێکی ئەوڕێژە زۆرەئەگەڕێتەوە بۆنەبوونی هۆشیاریوبەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە بۆهەژاری وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، وپابەندبوون بەهەندێک نەریتی کۆمەڵایەتی کەبۆتەهۆی ڕێگەخۆشکردن بۆبڵاوبونەوەکە.هەرچی لەبارەی وڵاتانی ئیسلام نشینو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیەهەتاساتی نوسینی ئەم ڕاپۆرتەئامارێکی جدی لەلایەن دەسەڵاتدارانییەوە.بەشیوەیەکی فەرمی نیشان نەدراوەتیایدابەڕاشکاوی ئامارورێژەی دروست دەربخات.تالەڕیگەیانەوەزانیاریوتوێژینەوەی دروست بونیادبنرێت کوردیش وەک نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی بەهەمان تەرزی بیرکردنی هاوسێکانی لەهەوڵی شاردنەوەودەرنەخستنی زانیارییەکانە.کەئەمەخۆی لەخۆیداکێشەکەگەورەتردەکات نەک بچوکتر..پشت بەستن بەهاوکێشەیەکی کارپێکراولەلایەن کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ئایدز..توشبوانی کوردستان بەنزیکەی 1500 کەس ئەخەمڵێنرێت..لەبەرئەوەی هەمووکەسێکی توشبووبەئایدز لەبنچینەدا واتە(سێ)کەس کەسی یەکەم لەگەڵ رەگەزی دووەم کەهاوژیانەلەگەڵداو منداڵێکیش کەهێشتالەدایک نەبووەیاخودلەسکی دایکییەتی.

## شەمپازوئایدز

لەپاش زیاترلەچارەگەسەدەیەک لەدەرکەوتنی فایرۆسی ئێچ ئای ڤیhivکوشندە کەبەهۆیەوەمرۆڤ بەئایدزنەخۆش دەبێت کۆمەڵێک لەتوێژەروزانایانی بەریتانیوکامیرۆنیوفەرەنسای لەتوێژینەوەیەکی زانستی هاوبەشداگەیشتنەدەرئەنجامێکی سەیرتیایدائاماژەبەوەدەدات کەجۆرێک لەشامپازگەنجینەیەکی سروشتی ڤایرۆسی ناوبراوەوبەدرێژای چەندچەرخێک لەڕێگەی خواردنوڕاوکردنی مرۆڤ بۆئەوجۆرە شامپازانەڤایرۆسەکەگواستراوەتەوەوبەنێوجیهاندابڵاوبۆتەوە..لەم بارەیەوەئەسوشیدپرێس بەهۆی گۆڤاری(زانست)ی ئەمریکی ڕایگەیاند کەئەوکۆمەڵەزاناوتوێژەرانەئاماژەیان بەجۆرێک شەمپازداوەکەبەpan troglodyte ناسراوەوپێیان وایەخەزێنەیەکی سروشتییە بۆڤایرۆسی ئایدز..توێژینەوەکەلەسەرزیاترلە599جۆرشامپازتاقیکراوەتەوەتادواجارگەیشتنەجێنشینی سەرەکی ئەوجۆرەشامپازانەکەتیایدادەرکەوت نیشتیمانەکەیان(حەوزی کۆنگۆیە)شایەنی باسەئەم توێژینەوەوجەدەلانەلەسەرشوێنگەوسەرچاوەی هەبوونوئەسڵی ڤایرۆسەکەپێشترلەلایەن

دەزگاییەکی توێژینەوەی فەرەنسی لەساڵی 1989دائاماژەی بەوەدابووکەمەیمون سەرچاوەیەکەبۆهەڵگرتنی ڤایرۆسی ئایدز.لێرەدا پێویستەئەوەشمان لەبیرنەچێت کەیەکەم حاڵەتی توشبووی مرۆیی بۆنەخۆشی ئایدز کەلەساڵی 1959داتۆمارکراوەتوشبوەکەخەڵکی (کینشاسا)بووە..

## ئایدزوخەتەنە

لەتازەترین توێژینەوی کۆمەڵەی ئایدزی نێودەوڵەتی IAS ولەکۆنگرەی سێهەمیدالەشاری جانیرۆی بەرازیلی دکتۆر (پریتراندئۆفێر)ئاماژەی بەوەداکەکۆمەڵەکەیان توێژینەوەوتاقیکردنەوەی لەسەرکۆمەڵێک پیاوی خەتەنەکراوونەکراوکردوە کەتەمەنیان لەنێوان 18- 24 ساڵیدایە دەرکەوتوەکەمەترسی توش بوون لای ئەوپیاوانەی کەخەتەنەیان کردوەکەمترەلەوانەی کەنەیانکردوە...ڕێژەکەش بەفەرقی 18% بۆپیاوی خەتەنەکراو51% بۆپیاوی خەتەنەنەکراونیشانداوە،بەڵام ئەم توێژینەوەیە هەتائێستا لەژێرتاقی کردنەوەدایەودوائەنجامی لەساڵی 2007دادەردەکەوێت.بەڵام خەتەنەکردنی مێینەبەشتێکی خەتەرناک وەسفکردبەتایبەت ئەگەربەشێوەیەکی نادروست ئەنجام بدرێت وەک ئەوەی کەئیستا لەلادێ نشینەکاندابەدی دەکرێت.

## دواخوێندنەوە

- کەی بەئایدزدەزانین؟...25% توشبووان لەپاش پێنج ساڵ نیشانەکانی توشبونی فعلیان پێ دەردەکەوێت.50% یش لەپاش دەساڵ لەتوشبوون،هەست بەنیشانەکانی دەکرێت هێندێک جاریش بەهیچ شیوەیەک بەدەردەکەنازانرێت وهیچ نیشانەیەکی پێشوەخت نادات. (ئایدزفۆرمێکی نییە)تالێیەوەتووشبوولەنەبووجیابکەیتەوەتەنهابهئامێروتاقیگەپزیشکیەتایبەتەکان دەردەکەوێت.کەبەداخەوەکوردستان لەوبوارە دافرەهەژارە.
- پێویستەلەسەرئاستی(فەرمی)کوردستان هەوڵەکان زیاتربخرێنەگەربۆڕێگرتن لەتەشەنەکردنی ئایدز،لەوبارەیەشەوەیاسایەک دەربچێت تییدا ئایدزوەک نەخۆشییەک مامەڵەی لەگەڵ بکاتولەخانەی بەتاون زانی دەربکاتوڕێوشوێنی تەندروستی جدی بگیرێتەبەربۆخۆپاراستن لەئەگەری توشبوونوگواستنەوەی ڤایرۆسەکە.
- کوردکۆمەڵەوڕیکخراوێکی دەرکەوتووناوداری نییەهاوشانی شاندوڕیکخراوەجیهانییەکان لەپێناوڕێگرتنوبەگژداچونی ئایدزکاربکات، هۆکەشی بەڕای من بەشێکی ئەگەڕێتەوەبۆنەبوونی (پزیشکی خۆبەخش)وبوونی پیشەی پزیشکایەتی بەپیشەیەکی بازرگانی زیاتروەک لەوەی کەپیشەیەکی مرۆیی بێت.

-------------------------------------------------------------

پەراوێزوسەرچاوە

- ئایدزمەزنترین کێشەیە....دەقی گوتەی سەرۆکی پێشوی باشوری ئەفریقا(نیلسۆن ماندێلا)لەبەردەم کردنەوەی کۆنگرەی نێودەوڵەتی کۆکردنەوەی پیتاکوهاوپشتی جیهانی بۆدژایەتی کردنی ئایدزبەستراولەپایەختی فرەنسا -پاریس لەحوزەیرانی2003
- زۆرێک لەولاتان شکستاین هێناوەلەکاروهەوڵەکانی ڕیگرتن بەئایدز...دەقی وتاری کوفی ئەنان سکرتێری نەتەوەیەکگرتوەکان ،لەدانیشتنی ئاسایی کۆمەڵەی گشتی ئایدزلەنیۆرک 30،06،06.کەتیایدابۆیەکەم جارتوشبوویەک بەئایدز(کنسانی مافاسا)لەبەردەم هەمووجیهان گوتارێکی پێشکەش کرد
- HIV کورتکراوەی ناوی ڤایرۆسەکەیەکەپێی دەوترێت(virus- humanimmune)وئایدزیش کورتکراوەی ناوی نەخۆش یەکەیەکەبە( acquird ammun defiency syndrome)ناسراوە
- شەمپازوئایدز...تۆری هەواڵی تەلەڤیزۆنی cnnڕۆژی 27،05،06 کاتژمێرچواری ئێوارەبەکاتی گرینیتش هەواڵەکان پەیامنێری کەناڵ فەرەنسا؟پاریس.
- لەساڵی1981 میدیایی ئەمریکای یەکەم میدیای جیهانی کەباس لەئایدز بکات،وەلەساڵی 1986 بەدواوەش ناوی ڤایرۆسەکە لەئایدزەوە گۆڕاوە بۆHIV...لەوڕۆژەشەوەئەم گوتەیەلەسەرئایدزوتراوە(هەموومرۆڤێک سەدلەسەدقابیلی توشبونە،لەڕاستیدا هیچ مرۆڤێک پارێزراونییە،لەئەگەری توشبوون ..ئایدز،کەس بەدوورناخات،گوێناداتەکاتوجۆرەکانی باران بارین.
- ئاماروژمارەکان لەلایەن ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆدژایەتی ئایدزبەدەست کەوتوەکەبەڕێکخراوی(unaids) ناسراوە.کوفی ئەنان سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان لەوەسفی ئایدزدادەڵێت(نەخۆشی چەرخە...چونکە دارمانوتێشکانی منداڵیەتی بەدواوەیە).
- بڕیارەبۆتاقیکردنەوەی خەتەنەی پیاوان بەسەرسێ هەزارمرۆڤی خۆبەخش لەئۆغەندابکرێتوئەنجامەکەشی بۆساڵی 2007 داڕابگێنرێت.
- لەسلێمانی 61 حاڵەتی ئایدزبڕوانەژمارە230 ڕۆژنامەی هاولاتی دەرچوی ڕۆژی چوارشەممەڕێکەوتی 29.06.2005پەیامنێری هاولاتی لەسلێمانی ،هەمان سەرچاوەبۆچاوپیکەوتنی وەزیری تەندروستی ئیدارەی سلێمانی،لەهەمان ژمارەدا .

ـ ئەتریپلا atripla کۆکتێلێکەلەسێ دەرمان کۆمپانیایەکی ئەمریکی بەرهەمی دەهێنیتوبەبڕی لەسەدانەوەدوپێنج ڕێگە لەتەشەنەکردنی ڤایرۆسەکەدەگرێتورۆڵ دەبینێت لەدروستکردنەوەی خانەی بەرگری لەش .




